هونەرمەند عەلی زەندی کۆچی دوایی کرد



هونەرمەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، عەلی زەندی بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجە لە نەخۆشخانەیەکی کۆنەدا کۆچی دوایی کرد.

شێوی ڕابردوو ئێکتەر دیمەن زەندی، کچی عەلی زەندی، لە هەژماری فەیسبووکی خێزانەکەیان هەواڵی کۆچی دوایی باوکی عەلی زەندی ڕاگەیاند.

عەلی زەندی هونەرمەندی خەڵکی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، لە دوای تووشبوونی بە نەخۆشیی شێرپەنجە و مانەوەی بە ماوەیەک لە نەخۆشخانەیەکی شاری تەرینتۆی کەنەدا لە تەمەنی 68 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

عەلی زەندی لە شاری سنە لە ساڵی 1956 لە دایک بووە، زیاتر لە 20 ساڵ کاری موزیک و ئاواز و گۆرانی وتنی کردووە، لای گرووپی کامکارەکان فێری ئێلف و بێی موزیک بووە، یەکەم هونەرمەندە گۆرانیی ئەرمەنی لە کاسێت تۆمار کردووە.